# ئەم وشانەی نامۆن بە مرۆڤایەتی

کنێر حەسەن خانم



سەرەتا بەر لەناساندنی ئەم وشانەی ،کە لە زمانی کوردیدا ،لە هەردوو بەشە سەرەکیە کەدا(ئاخافتن و نووسین) بەکاردەهێنرێن و نامۆن بە مرۆڤایەتی و ڕەگەزی (مێ) ئەسڕنەوە پێناسەیەکی گشتی زمان ئەخەمە بەر دیدەی بەڕێزتان .
زمان، لای چەندین پسپۆر لەم بوارەدا، بە پردی لەیەکگەیشتنی مرڤەکان و هۆی گۆڕ ینەوەی بیروڕاکان و دەربڕینی هەستەکان پێناسە کراوە . وە هەر یەک لە زانایانی زمان زۆر ڕاشکاوانە باسیان لە زمان کردوەو لێکۆڵینەوەیان لە مەڕ سەرەتای گەشە کردنی زمان لای مرۆڤ بەگشتی ئەنجام داوەو قۆناغە کانیان دیارکردوە. وەک ئەوەی لە هەموو زمانەکاندا ئەبینرێ لە تەک زمانی (ئاخافتندا) زمانی نووسینیش گەشەی کردوەو چەندین قۆناغی دەرباز کردوە، کاتێک ئەم کۆمەڵە ئامرازو وشەو ڕستانەی لە کاتی ئاخاوتندا تێکەل بەچەندین ئاوازی تایبەت کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕستەی ( پرس و ڕاگەیاندن هتد..) لە لایەن مرۆڤەوە دەربڕاوەو بۆتە هۆی حاڵی بوونیان لە یەکتری ، لە هەمان کاتدا هەوڵ دراوە کە هزرەکان دابڕێژرێن و بە چەند جۆرێکی سەرەتایی چەندین شاکار لە دەست هێرشی لەبیرچوونەوەو بەسەر چوونی کات بپارێزرێن، بەم شێوەیە جۆری دوەم ( زمانی نووسین) هاتە ئاراوە ، وە لە هەر زمانێکدا بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوەو، پاراوتر بوە لە بەشەکەی تر هەمیشە هەوڵدراوە هزرەکان بە شێوەیەکی جوانتر دابڕێژرێن وبخرێنە شێوەی نووسین، وە هاوتەریب بوە لەگەڵ زمانی ئاخاوتن و بەیەکەوە گەشەیان کردوە. لە هەر سەردەمێکدا چەندین وشە لە زماندا لەناو چوون و چەندین وشەی نوێ جێگایان گرتونەتەوە. بەڵام لێرەدامن مەبەستم ئەوە نیە بە مێژووی زمان و قۆناغەکان و گەشەکردنی زماندا بچمەوە بەڵک و ئەم پێناسە کورت و گشتیەم بە گرنگ زانی لەم باسەدا بخرێتە بەر چاو .
مەبەستی سەرەکی من لێرەدا ناساندنی چەند وشە یەکە لە زمانی کوردیدا کە ڕۆژانە لە ئاخاوتنەکاندا بەکاردەهێنرێن و زۆر جار لەنێو تێکستی نوسراو یشدا دەرئەکەون. ئەم وشانە تا بلێ ی نامۆن بەم سەردەمەی ئێستامان و تا سەر ئێسقان تەعبیر لە کۆمەڵگاییێکی پیاو سالاری ئەکەن ، زۆر جار سەرم ئەسوڕمێ کاتێک مرڤێکی کورد لە ماوەیەکی کورتی دواندا چەندین جار ئەم وشانە دووبارە ئەکاتەوە، هەروەها لە کەناڵە ئاسمانیەکانیە کوردیەکانیش ڕۆژانە چەندین جار گوێبیستی ئەم جۆرە وشانە ئەبین.
جێگای سەر سوڕمانە کە هەندێ جار ئەم وشانە لای کەسانێک بەکارئە هێنرێن کە خاوەنی خەباتێکی بە رچاون لە پێناو پێشکەوتن دا . لەوانەیە ئەم مرۆڤانە بێ ئا گا و بێ قووڵ بوونەوە لە مانای وشەکان بە کاری بهێنن کە بە ڕای من پێویسە بە ر لە بە کارهێنانیان بیری لێ بکرێتەوە بە تایبەتی لای ئەو کە سانەی بڕوایان بە پێشکەوتن هەیەو دان بە یەکسانی ژن و پیاو ئەنێن لە ڕووی ماف و مرۆڤ بوونەوە،
بە ڕادەیەکی زۆر ئەم وشانە بە شانازیەوە لای کە سانێک بە کاردەهێنرین کە بەداخەوەبێ بەشن لە تێگەیشتن لەم ڕاستیەکان و هە ر دواکەوتووی ئەم بیرانەن کە کە لە کۆنەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە ئامادە نین دەستی لێ هەڵگرن گە ر دڵنیاش بن هەڵەن. ئەم مرۆڤانە کە ئەتوانم بڵێم بە زۆری پیاوان (بەداخەوە هەندێک لەم وشانە لای ژنانیش بەکاردەهینرێن بە لام بە رادەیەکی کەمتر) ئەم وشانە بەکار دەهێنن و بۆ دڵنیابوون و هێور بوونەوەیان و پیشاندانی ئەم دەستەلاتە زاڵ و (پیاو) بوونە ی کە شانازی پێوە ئەکەن و کۆمە ڵگا پێ ی بە خشیون.
یەکێک لەم و شانە وشەی ( برایەتی) ە کە بە دڵنیاییەوە ئەتوانم بڵێم ڕۆژانە چەندین جار تەنها لە کەناڵە ئاسمانیەکوردیەکان بەرگوێمان دەکەوێ. بەداخەوە ناتوانم بڵێم بە گشتی ڕۆژانە بۆنمونە لە کەناڵیکی ئاسمانی کوردی ئەم وشەیەچەند جار دووبارە دەبێتەوە ، چونکە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل و کاتێکی زۆر هەیە بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم وشەیە ڕۆژانە چەندین جار دوبارە دەبێتەوە.

(برایەت) ی وشەیەکە کە لای هە ر یێکێکمان ڕون و ئاشکرایە کە واتای (تەبایی) یاخود پێکەوە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ بە ئاشتی و تەبایی دەگەیەنێ. یاخود هەڵسوکەوت کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا، لە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەو فرە ئایندا وەک( برا)ودانننان بە بوونی یەکتری. بەڵام ئاخۆ تاکەکانی وڵات هەر هەموویان هەڵگری ڕەگەزی (نێرن)؟!! بۆنمونە کە دەوترێ( برایەتی نێوان گەلی کوردو عەرەب) ئایا گەلی کورد پێکهاتوە تەنها لە ڕەگەزی نێر؟ تا تاکەکانی لەگەڵ ئەندامانی نێو گەلی عەرەب (کە ئەم وشەیە ئەوانیشی کردوە بە تاکەڕەگەزێ) وەک برا بژیێن. ئەی ڕەگەزی (مێ) ئایا ئەوان بوونیان نیە؟! یاخود گرنگ نین و موڵکی پیاون ؟!. بێگومان بۆچونی یەکەم کە لەم وشە یەدا ڕەنگدەداتەوە نەبوونی ئافرەت لەکۆمەڵگادا شتێکی دوورە لە ڕاستی کەواتە بۆچوونی دوەم دێتە پێشەوەو وەک کۆمەڵگایەکی پیاو سالار ڕۆڵی ژن ڕەت دەکاتەوەو لە ڕێ ی ئەم وشەیەو چەندین وشەی تری هاوشێوەی دێ و بە ژن دەڵێ ئەم کۆمەڵگایە موڵکی پیاوە بە ئارەزووی خۆی بڕیار لە هەموو شتێک دەدات ، لە شەڕو لە ئاشتیی.. لە هەموو شتێک لە ژیان، تۆش وەک پاشکۆیەکی لە بیر کراوو مرۆڤی پلە دوو هەندێ جار نزمتریش خەریکی کارە تایبەت و سنوور بۆکێشراوەکانت بەو ڕازیبە بە هەموو شتێک کە پیاو بەر پای ئەکات. بە ڕای من ئەبوایە لە سەردەمی ئەمڕۆماند ائەم جۆرە وشانە لە زمانی کوردیدا جیاکرابانەوەو وشەی نوێ و مۆدێرن کە لە گەڵ ئەم سەردەمەدا ئەگونجێن جێگای ئەم جۆرە وشانەی گرتبانەوە. گەر بێت و بە ووردی سەیری مانای وشە ی( برایەتی) بکرێ تابڵێ ی مانایەکی جوان دەدات بەدەستەوە . چی بێ لە ووشەی ئاشتی و تەبایی و ڕێزو خۆشەویستی وهتد... جوانتر کە دەتوانم بڵیم (برایەت) ی لە یە ک کاتدا هەموو ئەم واتایانە دەگەیەنێ بەڵام لە داڕشتن و ڕوخسارەوە هێندە پیاو سالاری بە ڕوەوە دیارە کە مانا راستەقینەکەی شاردۆتەوە. ئەم وشەیە تەنها لای پیاو بەکارناهێنرێ بەداخەوە ژنانیش بەکاری دەهینن و بێ ئەوەی هەست بە قێزەونی وشەکە بکەن.لەوانەیە زۆر لەو کەسانەی کە جگە لە زمانی کوردی زمانێکی تر بۆنمونە زمانی عەرەبی یاخود چەندین زمانی تر ئەزانن بڵێن ، کە وشەی برایەتی لە زمانانی تریش بەکارهێنراوە یاخود بەکار ئەهێنرێ و بە ئاسایی لە قەڵەمی بدەن، کە من خۆم زۆر جار بە رەو ڕووی ئەم ڕایانە بوومەتەوە کاتێک ویستومە ڕای خەڵکانی تر ببیستم سەبارەت بە ئەم بابەتە. بەڵام زمان وەک ئەوەی هەر یەکێک لە ئێمە هەستی پێئەکەین وەستاو نیە وەک چۆن ژیان هەمیشە لە هەڵگیرسان وکوژانەوەو لە دایک بوون ناکەوێ زمانیش هەمیشە لە گەشەو گۆڕانکاریدایە. گەرچەند سەدەیەک بەر لە ئێستا ئەم وشەیە وەک وشەیەکی پیرۆز هاتبێتە نێو فەرهەنگی زمانانی ئەوڕوپی و لە یاساکاندا بەر لە هەموو وشەیەک لە سەرەتای ڕستەکاندا دەرکەوتبێ یاخود ئێستاش لەنێو هەندێ تێکسی کۆندابەر چاو بکەوێ یاخود گریمان لە زمانەکانی تردا تا ئێستاش بەکاربهێنرێ ، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا بە ڕێژەیەکی بەر چاو تا ئێستا ئەم وشەیە بە کاردەهینرێ، ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمەی کورد زۆر بە شانازیەوە دووبارەی بکەینەوە، گەرپەچەی باوکسالاریش ڕووی داپۆشیبێ و مانا جوانەکەی لێ سەندبێتەوە، چونکە لەسەرووی هەموو ئەمانەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر دەبینرێ لەسەرووی واتا جوانە کەی برایەتی و سەرووی ژ یان کردن و بە زیندوویی مانەوەی ئەم وشەیە لە چەند زمانێکی تردا ڕاستیە ک هەیە کە زۆر ڕوون وئاشکرا دێتە پێشەوە ، ئەویش سڕینەوەی تەواوی ڕەگەزێکە لە کۆمەڵگا.. بە ئاشتی و تەبایی وەک برا ژیان کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە گەڵ یەکتری و بە تەنیا.. ، چونکە هەرگیز ژنێک نابێتە برای ژنێکی تر ئەمە نەک جێگای سەر سوڕمانە بەڵک و جێگای پێکەنینە لە زمانەوانیدا تەنها ئە و کاتە جێگای ئەبێتەوەلە زمانداو بە هەڵە لە قەڵەم نادرێ گەر کۆمەڵگا ڕۆڵی ئافرەتان بسڕێتەوەو تە نها شایەدی بۆ بوونی ڕۆڵی تاکە ڕەگەزێ بدات کە هەر لەسەرە تای لە دایک بوونی ئەم وشەیە بەم جۆرە لیکدراوەتەوە بۆیە لە نێو زماندا جێگای بۆتەوە. بە ڕای من بەرەو پێشبردنی زمان ئەرکی سەر شانی پسپۆڕانی زمانە بە پلە یەک، وە ئەم ڕۆشەنبیر و نووسەرانەی کە تا ئێستا خاوەنی هزری خۆیانن و پێنوسەکەیان نەگۆڕیوەتەوە بە بەبەرژەوەندی کەسایەتی. وەبە بڕوای من هەر تاکێک لە کۆمەڵگا بە هە ردوو ڕەگەزەوە ئافرەتان و پیاوان کەم یا زۆر ئەتوانن ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینن لە بەرەو پێش بردنی زمان. وە لە لایەکی تر سە با رەت بەم ئاستەنگیەی کە ئەمڕۆ تووشی گەلی کورد هاتوە لە هە موو ڕویەکەوە کە زمانیش ئەگرێتەوە ، ئەکرێ بە هۆی پێشکەوتن و کرانەوەی بە ڕوو ی جیهان وە داننان و

ڕینەگرتن لە ڕۆڵی ئافرەتان لە هەموو بوارێکەوە بە کردار چونکە، توانای ئافرەتان زۆر لەوە زیاترە وە توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکی زۆر لەمە گەورەترو پیرۆزتریان هەیە کە لە کۆمۆڵگای ئێمەدا بۆیان بڕاوەتەوە بەڵگەش بۆ ئەمە وڵاتە پێشکەوتوەکانە کە هیچ بواریک نەماوە ئافرەتان ڕۆڵیان تیادا نە گێڕابێ و جێ پەنجەیان تیادا دیار نەبێ ، هەروەها سووک کردنی باری پیاو سالاری هتد..ئەم بارە بەرەو باشی ببردرێ. زمانی کوردی بەهۆی بندەستی گەلی کوردو ئاڵۆزی باری ڕامیاری و چەند هۆیەکی تر ئەم گەشەیەی نەکردوە کە هەر زمانێکی تر لە سەرەتاوە پێیدا ڕەت بوە، بەڵام بێگومان جێگای شانازی ئێمەشە، کە لەم بارو دۆخە سەختەی کە کورد پێیدا تێپەڕیوەو تێدەپەڕێ وەک زمانێکی ڕەگ داکوتاو لەم ناوەدا دەبینرێ، لە کاتێدا چەندین زمان لەجیهاندا، کە سەردەمانێک لەو پەڕی پێشکەوتن دا بوون و ئێستاش تەنها لە جیهانە دەوڵەمەندەکەی مێژوو لە خەوێکی قووڵ دان و ون بوون. لە بەرەو پێش بردنی زمانی کوردی لە باشوری کوردستان بێگومان درێغی کراوە ئەبوایە زمانی کوردی لە بارێکی زۆر باشتر بوایە وەک پارچەکانی تر بە هۆی ئەم دەرفەتەی کە لە م بەشەدا هەیە بەڵام ئەمیش وەک سەدان شتی تر بۆتە قوربانی نەزانی و بەرژەوەندی ئەم دەستەڵاتدارانەی کە دەستەڵات ئەم بابەتە چارەنووس سازانەی لە بیر بردونەتەوەو باوک سالاریش لە لایەک بۆتە ئاشی هاڕینی توانستی ئافرە تان.

کۆمەڵگا هەمیشە لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە، وە هاتنی هەر سەردەمێکی نوێ چەندین وشەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو لە هزری تاکەکانی کۆمەڵدا جێگیر بوەو بە هۆی گفتوگوی ڕۆژانەی خەڵک و نووسینەوە ئەم سەردەمە نوێیە بەر جەستە بوە. گەر بەووردی سەرنج لە زمانی کوردی بدرێ بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو یپرۆزی لە وشەی (پیاو)دا ئەبینری پیاو بوون ویاخود نێر بوون هەمیشە شانازی پێوە کراوەو شانازی پێوە ئەکرێ بە داخەوە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و بەسەر چوونی کاتدا وەک خۆی ماوەتەوە هۆی ئەمەش بۆ پێشنە کەوتنی یاخود پێشکەوتنێکی زۆر سست وبە ئاستەم هەستپێکراوی کۆمەڵگا ئەگەڕیتەوە. گەر لای کۆمەڵگا تا ئێستا شانازی بە ڕەگەزی نێر بکرێ و بە ڕەگەزێکی یەگجار باشتر لە ژن سەیر بکرێ لە هەموو ڕوویەکەوە، ئاساییە کە ئەمە لە زماندا ڕەنگ بداتەوە، چونکە زمان ئاوێنەی کۆمەڵگایە، لە ڕێگەی زماندا پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئەبینرێ. بەرز ڕاگرتن و شانازی کردن بە(پیاو) بوون لە زمانی کوردیدا بۆتە هۆی ئەوەی کە هەرلە وشەی پیاودا چەندین وشەی تر دابڕێژرێن ،کە زۆر جار وەک ئاوەڵناو(صفة) بەکارها توون و مانایەکی یەکجار پۆزەتیڤ ئەبەخشن وە جێگای چەند وشەیەکی تر ئەگرنەوە. بۆنمونە ئاوەڵناوی (پیاوەتی) کە مانای (چاکە ) ئەگەیەنێ و لێرەدا ئەم وشەیەش لە ئاخاوتن و نووسین دا بەدیار ئەکەوێ. بەر لە قووڵبوونەوە لە وشەکە، شی کردنەوەی لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە بە گرنگ ئەزانم .وشەی پیاوەتی وەک دیارە لە وشەی(پیاو) ەوە داڕێژراوە بە هۆی پاشگری (ەتی) ەوە ، مانای چاکە یاخود هەر شتێکی باش دەگەیەنێ کە کەسێک بەرانبەر کەسێکی تر بە ئەنجامی بگەیەنێ . سەرچاوەی وشەکە یاخود ڕەگی وشەکە (پیاو)ە ماناکەشی( چاکە ) یە ، کەواتەلێرەدا سومبلێکە بۆ هەموو کارێکی باش و چاک. پیاو نەک لە سەرووی ئافرەتەوە بەڵک و لەسەرووی مرۆڤە وە سەیر کراوە چونکە مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەوە هەرگیز لە هیچ سەردەمێکدا پێرفێکت نەبوەو چەندین کاری جوان و لە هەمان کاتدا هەڵەش لای مرۆڤ ئەنجامدراوەو دەدرێ چونکە مرۆڤە! بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی پیاو هێندە بەرز کراوەتەوە، وەک کائینێکی خاڵی لە هەڵە سەیر ئەکرێ بەڵگەش بۆ ئەمە داڕشتنی وشەی(پیاوەتی) ە بە واتا چاکی و باشی و هتد لە وشەی پیاوەوە واتە هەر شتێک پیاو بیکات باشەو چاکە بۆیە هاتوون وئە مەیان کورت کردۆتەوەوئەم ئاوەڵناوەیان دروست کردوە بەداخەوە ئەمە لەنێو تێکستی کوردیدا زۆر بە زەقی بەر چاو دەکەوێ. لە هەمان کات هەر وشەی پیاو بێ هیچ پێشگر و پاشگرێک وەک ئاوەڵناوێک بە کاردێت کەمانای نەبەردی و ئازایەتی و مەردی و چەندین سیفاتی با شی تر دەگەیەنێ بۆنمونە لەکاتی پیا هەڵدانی کەسێک دەوترێ (پیاوە یا..زۆر پیاوە) واتە ئەم کەسە هەڵگری هەموو خاسیەتێکی باشەکە تەنها لە پیاودا هەیەو لە ژندا نیەو هەر کاتێک لە هەرشوێنێک ئەم جورە وشانە بەکار بهێنرێن ئەوا بە دڵنیاییەوە مافی ژن پێشێل ئەکرێ. وە زۆر جار لە زمانی کوردیدا بەهۆی وشەی (پیاوانە) وەسفی کارێک یان کەسێک ئەکرێ، بۆنمونە گەر سەرنج لەم ڕستە سادەیە بدرێ، (ئاری کارێکی پیاوانەی ئەنجام داوە) ئەم واتایە سەر هەڵدەدات ، کە ئاری کارێکی باشی ئەنجام داوە کە

تەنها پیاوەکان ئەتوانن ئەنجامی بدەن و ئافرەتان ناتوانن . یان گەر بە کە سێک بوترێ بۆنمونە ( کورێکی زۆر پیاوانەیە) واتە کورێکی زۆر باشەو هەمیشە دەست بڵاوە بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر. لە زمانی کوردید اپیاو هێندە بەرز کراوەتەوە وەک خاڵی لەم خاسیەتانەی مرۆڤێکی نۆرمال هەڵگریەتی ئەو تەنها هەڵگری شتی باشە وەزۆر جار بۆ بەرزکردنەوەو گرنگ کردنی شتێ دەووترێ ( ئەمە تەنها لە پیاو دەوەشێتەوە) یاخود لە هەمان کاتدا گەر کەسێک بیەوێ کە سایەتی کە سێکی تر دابەزێنێ پێ ی دەڵێ( پیاو نیە) کە چەندین جار لەسەر ئەم وشەیە شەڕێکی گەورە هەڵگیرساوەو زیانی گەورەی لێ کەوتۆتەوە. لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکانا کە پیاو خۆیان بە خاوەنی هەموو شتیک دەزانن و ژنیش وەک کاڵا سەیر ئەکەن و ناویان ئەنێن شەڕەف هەرگیز بەوە ڕازی نابن وشەی پیاو وەک ناوێک بۆ ناساندنی ڕەگەزەکەیان بەکار بهێنرێ بە ڵک و ئەوان شانازی بەم ناوەوە دەکەن وەک هەڵگری هەموو خاسیەتێکی باش وبە دەر لە هەڵەو خاوەنی هە موو شتێکی ماددی و مە عنەوی و بڕیاردان و هتد...لە کاتێکدا کە وشەی پیاو بەم جۆرەو بەم بەرزیە بە کاردەهێنرێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا، وشەی ژن ئاوەڵناوێکی لێدروستکراوە سەرەڕای هەموو ئەم خاسیەتە جوانانەی کە لە ژن دا هەن مانایەکی ئەوپەڕی نێگەتیڤ دەدا بەدەستەوە بەر لە باسکردنی ئەم ئاوەڵناوە ئەمەوێ ئەمە ڕوون بکەمەوە، کە من نامەوێ بڵێم کە پیاو هەڵگری خاسیەتی جوان نیەو لە چەوساندنەوەو خاسیەتی خراپ هیچی تری ئەنجام نەداوەو ژنیش بکەم بە فریشتە و لەم تێکستەدا بڕیاری شەڕ دژی پیاوان ڕاگەیەنم هیوادارم ئەم بیرەم لای تۆی خوێنەری بەڕێز دروست نەکردبێ من ڕێزی تایبەتیم هە یە بۆ مرۆڤ بە ژن وپیاوەوە. هەر یەکێک لە رەگەزی مێ یان نێر ئەشێ چەندین کاری باش ئەنجام بدات کە ببێتە جێگای شانازی دەوروبەرەکەی و گەلەکەی هەروەها بە پێچوانەشەوە ئەشێ مرۆڤ هەڵگری چەندین خاسیەتی قێزەون بێ . وە بە هۆی نەزانی و دواکەوتوویی وئاڵوزی باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هتد..پیاویش بەدەر نەبوە لە چەوسانەوە لەم کۆمەڵگا دواکەوتوەی ئێمەدا پیاوانیش چەسوسێنراونەتەوە وبوونەتە قوربانی . بە ڵام وەک ئەوەی دیارە زیاتر ژنان بە دەستی پیاوە دوا کەوتوەکانەو ە چەوسێنراونەتەوە، پیاو هەمیشە باڵا دەستە تا ئەو ڕادەی مافی کوشتنی ژنی پێبدرێ لەسەر شەڕەف و دەیان تەگەرەی تر, وە تا رادەیەکی زۆر بەر فراوان ئازادکراوە لە ئەنجامدانی هەموو کارێک وبڕیاردان بۆ هەرشتێک . کە هەندێ جار ئافرەتان بە دەستی پیاوانێک ئەچەوسێنرێنەوە لە سەر ئەنجامدانی کارێک کە بۆ خۆیان نەک هەر بەڕەوای ئەبینن بەڵک و شانازیشی پێوە ئەکەن ، گەر لەم بارەیەوە پرسیاریان لێ بکەیت و بتەوێ لە دەروونی ئاڵۆزو داڕزیو بە مۆرانەی دواکەوتوویی ئەم جۆر ە مرۆڤانە بگەی ، ئەوا هەرگیز وەڵامێکی مەنتقیت دەست ناکەوێ ، بۆ شەریعەت دان بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە یان، بە بیرە دواکەوتوەکەی خۆیان پەنا بۆ وەڵامێکی سواوەو قێزەون ئەبەن و ئەڵێن ئێمە پیاوین و کۆمەلگاش وائەخوازێ ، بێئاگا لە گەورەیی مرۆڤ کە بەئازادی لە دایک بوە بێ ئەوەی شەرم دایان بگرێ بەردەوام ئەبن لەسەر وەڵامە نا مەنتقیەکانیان و ژن لە مرۆڤ بوون دائەبڕێنن و خۆیان ئەکەن بە خاوەنی و بە شەڕەفێک پێناسەیان ئەکەن کە پاراستنی لە ئەستۆی ئەواندایە. کە بە داخەوە ئەمەش هۆکەی بۆ دواکەوتوویی و نەزانی ئەگەڕێتەوە، بەڵام بە ڕای من هەرگیز هەڵە بە هەڵە ڕاست ناکرێتەوەو شە ڕی نێوان ژن وپیاویش بە ناوی پێشکەوتن دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی هەردوو ڕەگەز لەیەکتری و خراپتر بوونی بارەکە، بەم جۆرە هەرگیز ناتوانرێ لە بەشێکی هەرە زۆری پیاوانی کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەک کوردستان بگەیەنرێ کە ئافرەتانیش مرۆڤن ولە ڕووی ماف و مرۆڤایەتی یەکسانن بە ئەوان و هیچیان لە ژن زیاتر نیە هەموو ئافرەتێک وەک پیاو دوای گەیشتن بە تەمەنێکی دیاریکراو ئەتوانێ خاوەنی بڕیاری خۆی بێ و باوک وبراو خاڵ و خالۆزاهتد..بۆیان نیە لە هیچ ڕوویەکەوە بڕیاری بۆ بدەن و دەست بخەنە کارو باری تایبەتی و کەسی (شخصی) ئافرەتەکەوە هەروەها بە هۆی چڕ بونەوەی ناکۆکی نێوان ژن و پیاو ناتوانرێ لە باوکێک بگەیەنرێ کە بە چاوێکی یەکسان سەیری کوڕو کچەکانی بکات وبوار نەدات کوڕەکانی زاڵێتی خۆیان بەسەر کچەکاندا بسەپێنن و زۆر بە بێباکی دەست بخەنە کاروباریان و خۆیان بە خاوەنیان بزانن وبەناوی شەرەف هەڕەشەیان لێ بکەن و ئەم هەڕەشەو چەوساندنەوەش بە مافی خۆیان بزانن. نەخێر بە هۆی شەڕو ململانێوە هەرگیز ناتوانرێ پیاوە دواکەوتوەکان بە مافە دیریکراوەکانیان و مافی مرۆڤێکی ئاسایی بناسرێنرێن وئافرەتانیش یەکسان بە

مافی ئەوان بە ژیانی ڕاستەقینەو دوور لە چەوساندنەوە بگەن. زۆر کەس لە ڕوناکبیران و ڕۆشەنبیران هۆی چەوساندنەوەی ژنان بۆ ژ ن خۆ یان دەگەڕێننەوە و هەندێکی تریان بۆ پیاوان لەگەڵ ئەوەی من ڕێزم بۆ ڕای هەر یەکێک هەیە کە ئەم باتە ی کردۆتە جێگای سەرنج و گرنگی و ڕای تایبەتی خۆی سەبارەت بەم کێشە ئاڵۆزە هەیە، بە ڕای من هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار کە بەیەکەوە بە ستراونەتەوە ولە یەک جیا ناکرێنەو بۆ نموونە دەستهەڵنەگرتنی زووربەی پیاوان لە م پلەو پایەیەی کە کۆمەڵگا پێی بەخشیوە گەر دڵنیاش بێ لە ناڕاستی بیرو باوەڕەکەیان . سوور نە بوونی ژنان لەسەر تەنانەت مافە سەرەتاییەکانیان بە هۆی باری تایبەتی کۆماڵگا کە ناچاری بن دەستی کردوون لە هەموو ڕوویەکە وە بە بیرو ڕاکانی پیاوانی بەستوونەتەوە ،وە هۆیەکی تری ژێر دەستی ئافرەتان پابەند بوونی بە شێکی زۆری ئافراتانە بە پیاوانەوە لە ڕووی ئابووریەوە. یاخود زۆر جار نەزانی وا لە ئافرەت ئەکات کە ببیتە هۆی بەدبەختی خۆی و تەنانەت ئافرەتانی دەوروبەریشی. وە دواکەوتوویی لایەنی پەروەردەیی و گەندەڵی حکومەت و ڕێژەی بەرزی نە خویندوارو گرنگی نەدانی خوێندەواران بە خوێندنەوە وخراپی باری ڕامیاری کوردستان بە گشتی هتد... چەندین هۆی تریش کە بوونەتە ڕێگرێک لە ڕێ ی پیشکەوتن و بەرز سەیرکردنی ئافرەتانەوە.

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە ئێستا ئەمەوێ ئەم ئاوەڵناوە ی کە لە وشەی ژن داڕێژراوە بخەمە بەر دیدەی بەڕێزت. کە بێگومان وشەی( ژن) شایەنی ئە وە نیە کە ئەم ئاوەڵناوەی لێ دابڕێژرێ ، بەڵام بە داخەوە لە کاتێکدا کە ژن وپیاو هە ردووکیان مرۆڤن و یەکسانن لە مافدا ، وشەی پیاو چەند ئاوەڵناوێکی لێ داڕێژراوە کە پیاوی لە بە رزیدا گەیاندۆتە ئاسمان ، لەهەمان کاتدا ئاوەڵناوی (ژنانی) بە مانایەکی یە گجار نێگەتیڤەوە لە وشەی(ژن) داڕێژراوە. ڕەگی ئاوەڵناوی (ژنانی) (ژن) ە بە هۆی پاشگری (انی) ەوە بوەتە ئاوەڵناو. لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیە زۆربەی جار لە کاتی ئاخاوتندا بە کارئە هێنرێ ، گە ر یەکێک بیەوێ کە لەم پیاوەتیە شانازی پێکراوەی کە پیاوێک خاوەنیەتی کە م بکاتەوەو کە سایەتی داببەزێنێ پێ ی ئەڵێ ژنانی . ژنانی بەم پیاوە ئەوترێ کە گوایە( لە ڕوانگەی زۆربەی پیاوانی کۆمەڵگای کوردیەوە زۆرجار( ژنان) یش) وەک ژن هەڵس و کەوت ئەکات یان زۆر جار بەم پیاوانە ئەوترێ کە بایەخ بە ئافرەتان ئەدەن و وەک مرۆڤ سەیریان ئەکەن یان (لە ڕوانگەی پیاوی کوردەوە) زۆر گرنگی بە ڕوخسارو جل و بەرگ و دەم وچاویان ئەدە ن یاخود قژیان ئە هێڵنەوە لە کاتێکدا مرۆڤ ئازادەو بە ئەنجامدانی ئەم کارانە زیان بەکەس ناگەیەنێ . لێرەدا زۆر ڕوون و ئاشکرا دەر ئەکەوێ کە لە زمان وکۆمەڵگای کوردی چ زوڵمێک لە ژن کراوەو ئەکرێ. ئەبێ لەم کۆمەڵگایەو زمانەدا هەرچی ژن خاوەنیەتی لە هەڵس وکەوت لە کارو کردەوە تەنانەت لە ڕوخساریش هتد... بە چاوێکی کەم سەیر کرابێ، بۆیە، گەر پیاوێک لە( ڕوانگەی دواکەوتویەکەوە) بە ئاستەم لەڕووی ڕوخسار یان ناوەڕۆکەوە لەم مەخلوقە بکات کە پێ ی ئەوترێ ژن ، بە ژنانی لە قەڵەم بدرێ .وەک ئەوەی ئاماژەشم پیکرد کە ئاوەڵناوی ژنانی خاوەنی مانایەکی نێگەتیڤە و کە پیاوێکیش بە ژنانی لە قەڵەم درا واتە هەڵگری بە شێک لەم خاسیەتە خراپانەی بەدەر لە خاسیەتی باش کە ژن هەیەتی بێگومان کە ئەمە هەمووی لە ڕاستیەوە دوورەو کۆمەڵگا لە ڕێ ی ئەم وشە قێزەونان سەپاندویەتی بەسەر ئافرەتان . زۆر جار ئافرەت لە مرۆڤ بوونەوە دابڕێنراوەو بەو گەورەییەو پیرۆزیەی کە لە کەسایەتی هەر مرۆڤێکدا هەیەو پێویستە لای بەرانبەرەکەی بپارێزرێ ،بە ژن وتراوە (زەعیفە) وە بەزەییان پێهاتۆتەوە، لە کاتێکدا هەموو مرۆڤێک پێویستە ڕێز لە کەسانی دەورو بەری بگرێ و گرنگیان پێ بدات تا ئەوانیش وخۆشەویستی و دڵسۆزی خۆیان بۆدەر ببڕن. بۆ نمونە( دیل کارنگی ) لە پەڕتوکی (چۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ خەڵکی دەکەیت؟) بە خوێنەر ڕادەگەیەنێ و پێ ی دەڵێ گەر ئەتەوێ خۆشەویستی خەڵکی بیت ، ئەم ڕێسایە بە کار بهێنە( وا لە کە سەکان بکە هەست بە گرنگی خۆیان بکەن، ئەمەش ڕاستگۆیانە ئە نجام بدە) بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا پیاوان هەمیشە بە چاوێکی نزمتر سەیری ئافرەتیان کردوەو لە چەوساندنەوەی دەستیان نەپاراستوە ئەمەش بۆتە هۆیەک لە هۆیە بێ شومارەکانی دوور کەوتنەوەی هەردوو ڕەگەز لە یەکتری، لە جیاتی گرنگی دان بە یەکترو وڕێزو دڵسۆزی بۆ یەک زیاتر لەیەک ترازاون و نامۆ بوون بە خواستەکانی یەکتری. زۆر جار وشەی ژن وەک ناوێکی سەربەخۆ بە

کارهێنراوەو هەمدیسان  بۆتە هەڵگری مانایەکی نێگەتیڤ بۆ نموونە لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە گە ر خاڵی لاوازی پیاوێک دەر بخرێ و باس لە حالەتی پیاوێک بکرێت و بەمە بەستی کە مکردنەوە لە پیاو بونەوە پێ ی ئەوترێ (ئەم پیاوە وەک ژن ئەگریا) ئایا گریان کە لەگەڵ مرۆڤ لە دایک ئەبێ و لە چەند کاتێکدا کە بەهۆی خەمبار بوونەوە، یان ژانێک کە لە جەستەی مرۆڤدا هەبێ،  یان لە شادیدا هتد.. لە مرۆڤدابە هەردوو ڕەگەزەوە  سەر هە ڵئەدات جێگای شەرمەو تەنها تایبەتە بە ژن وکاری ژنانە؟!! کە بەداخەوە لە کۆمەڵگای دواکەوتوو هەرچی ژن خاوەنی بێ جێگای شەرمە گەر پیاو دووبارەی بکاتەوە . وەک ئەوەی ئاشکرایە کە گریان لە هەردوو ڕەگەزدا وەک شتێکی سروشتی ئەبینرێ  بە ڵام بە ڕادەیەکی زیاتر لای ئافرەتان دا، بە هۆی ئەم سۆزەی کە زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی بە ڕادەیەکی زۆر لای ژن دا کۆبۆتەوەو بە خاسیەتێکی باش دانراوەو هەمیشە بۆتە هۆی بەردەوامی ژیان چونکە هەر لە کۆنەوە ئەم سۆزە وای لە ئافرەت کردوە ڕۆحی ببەخشێ لە پێناو پاراستنی  منداڵداو وە دە ورێکی باش ببینێ لە هاندانی پیاوان بەرەو ئاشتی و کپ کردنەوەی شەڕە بێ شومارەکان کە پیاوان بە هۆی ڕادەی زۆری ئێنەرگی کە لە جەستەیاندا هەیە بە ڕپایان کردوە، کە بێگومان ئەم ئێنەرگیە ئەکرێ لە کاری باشیش بەکاربهێنرێ. من نامەوێ خاسیەتەکانی ژنان بە بەرزتر دابنێم و بەرزتریان کەمەوە . هەر یەک لەم دوو ڕەگەزە خاوەنی چەند شتێکە بەڕادەیەکی زیاتر لە وی تر هیچیان باشتر نین لەوی تریان وهەردوکیان مرۆڤن بۆیە یەکسانن لە ڕووی مافەوە و پێویستیان بە لە یەکتێگەیشتن و ڕێزگرتن و خۆشەویستی ویارمەتی یەکتری هەیە.    نە ک چەوساندنەوەی یەک. لێرەدا گریان وەک نیشانەی لاوازی و خاسیەتێکی خراپ کراوە بە میراتی ژن  و بۆیە گە ر پیاوێک  لە هەر حالەتێکدابێت و  گریان وەک شتێکی سروشتی فرمێسکی پێڕشت، لای دواکەوتوانی کۆمەڵگە  پیی ئەوترێ ( وەک ژن ئە گری).                                        بەداخەوە زۆر جار هەندێ

لە دایک وباوکان  کوڕەکانیان وا پەروەردە ئەکەن کەزۆر تۆند ڕەوانە  خۆیان لە هەموو شتێک (لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە)بە دوور بگرن کە لەم کۆمڵگایەدا تایبەتە بە ژن . بەڕاستی شۆک ئەمگرێ کاتێک منداڵێکی کوڕ داوای ملوانکەیەک لە دایکی ئەکات و دایکە ش بێ ئەوەی بیر لە ڕەگەزی خۆی ودایکی و کچەکانی بکاتەوە، بەسەریەوە ئەقیژێنێ و پێ و ئەڵێ (کوڕەکەم عەیبە خۆ تۆ کچ نیت ملوانکەت بۆ چیە!) گەر منداڵەکەش هەر سووربێ لەسەر لە ملکردنی ملوانکەکە ئەوا ئەبێتە هۆی گاڵتە پێکردنی هەموو ئەندامانی خیزان و پێش هەموویان دایکی، وە بە وشەی ( ژنانی..ژنۆکە هتد..) سەر کۆنە ئەکرێ و تا کار ئەگاتە ئەم ڕادەیەی کە ملوانکە کە فڕێ بداو لە هەموو ژیانی ترسی لەم وشانە هەبێ کە پێ ی وتراون و ڕێز لە خوشک و تەنانەت دایکیشی نەگرێ لەبەر ئەوەی کە ژنن ، چونکە ئەو ئیتر تێئەگەیەنرێ کە پیاوەو پیاویش لە کۆمەڵگایەدا بەرزترە لە ژن و پێویستە لەسەری کە پیاوبوونی خۆی بپارێزێ ولەم شتانە دوور کەوێتەوە کە تایبەتن بە ژن و خۆ بەبەرزتر بگرێ لە خوشکەکانی چونکە  بە لێکدانەوە منداڵانەکەی خۆی  ئەوان ئافرەتن و ملوانکە لەمل ئەکەن کە ئەمە بۆ ئەو وەک پیاوێکی نێو ئەم کۆمەڵگایەو کوڕیکی نێو ئەم ماڵە نەشیاوە، ئەو لە ئێستاوە  هە وڵ ئەدات(بە پێوەری کۆمەڵگا) وەک پیاوێکی ڕاستەقینە هەڵس و کەوت بکات ،تا  پیا و بوونەکەی خۆی بپارێزێ و بە وشەی ژنانی  لە کە دار نەکرێ، بێگومان هۆشیار بوونەوەی  ئەم دایک و باوکانە زۆر پێویستە ، وە بە کارنەهێنانی ئەم جۆرە وشانە کە بێگومان زیانێکی گەورە ئەگەیەنێ بە کەسایەتی منداڵ و دروست بوونی ئاژاوە لە خێزاندا. لەوانەیە  ئەم ئافرەتانە ی ئەم جۆرە وشانە بەکار ئەهێنن  لە بێئاگاییانەوە بێ ، بەڵام وردبوونەوە لەم وشانە زۆر گرنگە چونکە گەر دایک بیەوێ کوڕەکەی لە شتێک دوورخاتەوەو پەنا بۆ ئەم جۆرە وشانە ببات بۆنمونە( ژنانی .ژن.کچ. ژنۆکە.هتد..)  کە ئاماژەشم پێ کردوون بە ڵام لەبەر گرنگی دووبارەیان  ئەکەمەوە،  ئەم منداڵانە  بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە پیاوانەیا ن لێ هەڵئەکەوێ کە هەمیشە بە چاوێکی نزمتر لە پیاو سەیری ژن بکەن وبێ بیر کردنەوە لە وەی کە ئەوان لە ژنێکی دڵسۆز لە دایک بوون لای ئەو پەروەردە بوون ، ڕێزی ژن ناگرن وپیرۆزی وشەی دایکیان بیر ئەچێتەوەولەکاتی تیرو توانج گرتن لە هاوڕێکانیان بێ ئاگا پێیان ئەڵێن (ژنانی) بێ ئەوەی بیر لەگەورەیی ژن وەک مرۆڤ ودڵسۆزی دایکیان بکەنەوە وەک ئافرەت ، بێگومان ئەمە تاکە هۆ نیە کە وای لەزوربەی پیاوانی کۆمەڵگا کەمان  کردوە ڕێزی ئافرەت نەگرن، یانیش مرۆڤێکی دوو ڕوویان لێ دەربچێ لە کاتی

ئاخاوتندا وا خۆیان دەرخەن کە نوێخوازن و دان بە مرۆڤ بوونی ئافرەت ئەنێن لە سەرووی هەموو کۆتەکانی کۆمەڵگا ، بەکرداریش ئافرەتە نزیکەکانیان بچەوسێننەوە، بەڵک و چەندین هۆکاری تریش هەن کە باسکردنیان لە بابەتی سەرەکیم دوورئەخاتەوە.

بەر لە کۆتایی ئەمەوێ بگەڕیمەوە سەر ئەم گرنگیەی کە بە وشەی پیاو دراوە لە زمانی کوردیداو وەک دوا نمونە بیکەم بە کۆتایی ئەم بابەتە کە من دڵنیام چەندین وشەی تریش هەن کە ڕۆژانە لەکاتی دەربرینیاندا مافی ژن پێشێل ئەکەن و ئەم وشانەی من باسم کردن سەرجەمی وشەکان نین .

لە زمانی کوردیدا زۆر جار وشەی ( پیاو) جێگای (من) ڕاناوی کەسی یەکەم ئەگرێتەوە، بەهۆی ئەم وشەیە وتەبێژ باس لەشتێک ئەکات کە لای خۆی و، لەهەمان کاتدا بە گشتی لای مرۆڤە هاوڕەگەزەکانی خۆی هەمان شێوە دەرئەکەون . گەر سەرنج لەم دوو ڕستە یە بدرێ لەوانەیە مە بەستەکەم ڕوونتربیبێتەوە بۆنمونە ( بە هاتنی وەرزی بەهار پیاو دڵخۆش ئەبێ)، یان ( پیاو نازانێ چ بڕیارێک بدات). گەر سەرنج لە ڕستەی یەکەم بدرێ، بەگشتی وتەبێژ لە جیاتی ڕاناوی (من) وشەی پیاوی بەکارهێناوەو لەجیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بە گوێگر ی بێژێ (بە هاتنی وەرزی بەهار من دڵخۆش ئەبم) ئەڵێ ( بە هاتنی وەرزی بەهار پیاو دڵخۆش ئەبێ) بەڵام باس لە خۆی ئەکاو دڵخۆشی خۆی دەر ئەبڕێ بە هاتنی ئەم وەرزە، لە هەمان کاتیشدا وتەبێژ باس لە شتێکی گشتی ئەکات بە هۆی بەکارهینانی وشەی پیاو لە جیاتی ڕاناوی(من) ئەیەوێ ڕایبگەیەنێ کە جگە لەئەو (مرۆڤ )ی (پیاو) بە گشتی بە هاتنی ئەم وەرزە دڵخۆش ئەبێت. ئەم ڕستە لە ڕووی ڕێزمانیەوە زۆر ڕاستە، بە ڵام لە ڕووی ماناوە بە داخەوە پیاو سالاری وەک کێوێک خۆی ئەنووێنێ کە نموونەی نەبێ. ئەگە ر ئەم ڕستەیە بە جۆرێکی تر دابڕێژرێتەوە بە هۆی گۆڕینی وشەیەک نە لە ڕووی ڕێزمانیە وە ڕستەکە ئەشێوێنرێ وە نە ماناکەی ئەگۆڕدرێ، بۆنمونە گەر لەجیاتی (بە هاتنی وەرزی بەهار پیاو دڵخۆش ئەبێ ) بوترێ ( بە هاتنی وەرزی بەهار مرۆڤ دڵخۆش ئەبێ) هیچ لە رستەکە ناگۆڕدرێ تەنها وشەی پیاو نەبێ، لێرەدا ئەمەش نمونەیەکی تری بەر چاوە کە لە کۆمەڵگاو لە زمانی کوردیدا تەنها گرنگی بە ڕای پیاو ئەدرێ و تەنها پیاو بە مرۆڤ ئەزانرێ ، چونکە لێرە تەنها باس لە ئارەزووی پیاو ئەکرێ و ناو لە مرۆڤ ئەنرێ پیاو ، ئەوانەی ئەم جۆرە ڕستانە بەکار ئەهێنن گەر بە شانازیەوە بەکاری بهێنن یان بە بێئاگاییەوە هەرگیز لە خۆیان ناپرسن، گەر پیاو بە هۆی هاتنە پێشەوەی بارێکی نائاسایی بڵێت (پیاو نازانێ چ بریارێک بدات) جا گەر مەبەستیان لە خۆیان بێ لە جیاتی (من) بەکاری بهێنن یان مە بەستیان بەگشتی مرۆڤ ی (نێر) بێ کە لە بارێکی ئاوا نەزانێ چ بڕ یارێک بدات ، ئەی ئافرەتان ئەوان بوونیان نیە یان بۆیان نیە خاوەن ئارەزوو ، ڕای تایبەت و هتد.. بن!؟ پیاو وەک تاکە پاڵەوانی گۆڕەپانی کۆمەڵگا دێ و تە عبیر لە خۆی و لە هەموو مرۆڤە هاورەگەزەکانی ئەکات وەک مرۆڤ و زۆر جار بەرزتریش و ژنیش لە هەموو بڕیارێک وحەزو ئارەزوویێک دائەبڕێنێ. بۆیە گەر بۆنموونە ڕستەی یەکەم بە راشکاوانە تر دەرببردرێ ئەم مانایە دەدات بەدەستەوە( بە هاتنی وەرزی بەهار پیاو وەک گشت هاوڕەگەزەکانی خۆم بەدەر لە رەگەزی مێ دڵخۆش ئەبێ) لەوانەیە زۆر لە ژن وپیاوان سەرەڕای قووڵ بوونەوەیان لە ڕوخسارو ناوەڕ ۆکی ئەم جۆرە ڕستانە پێیان وابێ کە لە م ڕستانە دا پیاو بە کار هاتوە بە ڵام مانای مرۆڤ دەگرێتەوە بە گشتی و بە هەر دوو رەگەزی نێرو مێوە، بەڵام بە ڕای من ناو هێنانی شتەکان بە ڕاستی و ڕاشکاوی زۆر پێویستە چونکە هەر لەسەرەتای گەشەکردنی زمان ناو زۆر گرنگ بوەو بۆتە پێناسەی شتەکان و کەسەکان. گەر لەم رستانە دا پیاو بە واتای مرۆڤ بێت و پەیوەندی بە پیاو سالاری کۆمەڵگاوە نەبێت بۆ هەر لەسەرەتاوە لە جیاتی پیاو وشەی (مرۆڤ) بەکار نەهێنراوە؟ڕاستە پیاو مرۆڤە بەڵام هەموو مرۆڤەکان پیاونین. وەک لای هەر یێکێکمان ئاشکرایە ناوهێنانی شتەکان بە دروستی گرنگە وهەر گیز ناتوانرێ کەسێک بە ناوی کەسێکی کەوە بانگ بکرێ ، بەڵام بە داخەوە هێزی پیاو سالاری توانیویەتی جێگای ئەم جۆرە وشانە بکاتەوە لە زماندا، وە لەشیعری کلاسیک و هاوچەرخیشدا بەڕادەیەکی زۆر ئەم جۆرە وشانە بەگشتی و وشەی (پیاوەتی و پیاو لەجیاتی ڕاناوی من و مرۆڤی نێر بە گشتی) بەتایبەتی بە کارهێنراون و کە نموونەیان هێندە زۆرە نەمویست لەم تێکستەدا چەند دێرە شیعرێک بە نمونە بێنمەوە بەڵک وبۆ تۆی بەڕێزم جێ هێشت کە دڵنیام گەر خوێنەری هۆنراوە بیت لە جیاتی نمونەیەک دەیان نموونەت بەر چاو ئەکەوێ کە هەندێکیان تەنانەت کراون

به سروودیش. وەک پێشتریش ئاماژەم بەوە کرد کە بە بڕوای من گەر بێت و لە زمانانی تردا ئەم جۆرە وشە و ڕستانە تا ئێستا بە زیندوویی مابنەوە ، مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە دەست بەرداری ئەم راستیە پیاو سالارە بکات کە ناوەڕۆکی ئەم جۆرە وشانەی ئاخنیوەو ڕازی بین پێ ێ. ئافرەتان هەمیشە بە چەندین شێوازی جۆراو جۆر چەوسێنراونەتەوەو ئەچەوسێنرێنەوە. هیوادارم ( برایەتی.. پیاوەتی ..کارێکی پیاوانە.. کەسێکی پیاوانە.. پیاو بە تەنیا وەک ئاوەڵناوێکی بێ نموونە لە بەرزی.. پیاو وەک ڕاناوی (من) و مرۆڤی نێر بە گشتی..)وە (ژنانی ..ژنۆکە..کچ یان ژن بە و مانا نێگەتیڤەی خراوەتە پاڵیان )چیتر نە بنە هۆی زیاتر چەوساندنەوەی ئافرەتان و سڕینەوەی ڕۆڵ وکەسایەتیان لە کۆمەڵگا.